# ژیلانی تەمەن 16 سالانیش خۆی سووتاند

سمکۆ عەبدولکەریم

(ژیلان یوسف تەحسین ) چوارەم خویندکارە کە لە ماوەی نزیکەی سێ مانگی رابردودا لە شاری هەولێر خۆی دەسووتێنێ
ژیلان کە تەمەنی 16 ساڵ و خوێندکاری پۆلی یەکی ئامادەیی بازرگانی کچان بوو لە هەولێر



ئێوارەی رۆژی 2005/2/26 دوای ئەوەی لە ئامادەیی دەگەڕێتەوە ماڵ نەوت بە خۆیدا دەکات و ئاگر لە خۆی بەردەدات

سەرەنجام بەهۆی کاریگەری سوتانەکەی سەعات (5 )ی بەرەبەیانی رۆژی 2005/2/28 گیانی لە دەستدا, سەبارەت بەم ڕووداوەش یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ژیلان هیچ گرفتێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی نەبووە, تەنیا ئەوەندە نەبێت کەبەهۆی سەفەرەوە تا ئەو کاتە کارتی نیوەی ساڵی وەرنەگرتبۆوە, بۆیە ئەو رۆژە کە دەچێتە ئامادەیی پێی دەڵێن کەبەیانی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی بێت کارتەکەی بۆ وەربگرێتەوە, چونکە لە چوار وانە کەوتبوو,

سەبارەت بە خۆسوتدنەکەشی خوشکی ژیلان گوتەی: ئەو کەخۆی سووتاند هاواری ئێمەی کرد , دوای کوژاندنەوەشی گوتی: من بۆ خۆم سووتاند؟ پەشیمانم, هەربەگوێرەی قسەی خوشکەکەی لەسەرەمەرگیشدا ژیلان گوتویەتی توخوا دایە بڕۆ بزانە مامۆستا فەسڵی نەکردووم.

دیارە ئەوەی جێگەی وەبیر هێنانەوەیە ئەوە چوارەمین ڕووداوی لەم جۆرەیە کەلەماوەی کەمترلە سێ مانگدا لەناو شاری هەولێر ڕوودەدات و تا ئێستاش وەزارەتی پەروەردە ودەزگا پەیوەندیی دارەکان هەڵوستەیەکی جدیان لەبارەوە نەکردووە.